السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خوای گەورە دەفەرموێت: بۆ بەندە چاکەکانم شتانێکم ئامادە کردووە کە چاوەکان نەیان بینیووە، وگوێیەکان نەیان بیستووە، و بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە، بخوێننەوە ئەگەر ویستتان: { فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ }

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە دەفەرموێت: «بۆ بەندە چاکەکانم شتانێکم ئامادە کردووە کە چاوەکان نەیان بینیووە، وگوێیەکان نەیان بیستووە، و بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە، بخوێننەوە ئەگەر ویستتان: {فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ} [السجدة: 17] واتە: {ئینجا هیچ کەسێک نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشتدا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە}».
ولە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئامادەی دانیشتنێکی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووم کە وەسفی بەهەشتی کرد هەتاوەکو تەواو بوو، پاشان لە کۆتایی وتەکانیدا فەرمووی: «شتانێکی تێدایە کە چاوەکان نەیان بینیووە، وگوێیەکان نەیان بیستووە، وبیرکردنەوەی لێی نەهاتووە بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێک»، پاشان -ئەم ئایەتانەی خوێندەوە- : {تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ يُنفِقُونَ (16) فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (17)} [السجدە] واتە: {تەنیشتیان دوور دەکەوێتەوە لە جێگای خەوتنیان (واتە: لەخەو هەڵدەسن بۆ شەو نوێژکردن) نزا دەکەن ودەپاڕێنەوە لە پەروەردگاریان بە ترس و هیواوە و لەو ڕۆزی و سامانەی پێمان داون دەبەخشن (16) ئەمجا هیچ کەسێک نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشت دا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە (17)}.
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ بەندە چاکەکان، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن وخۆیان بە دوور دەگرن لە حەرامکراوەکان، (چاوەکان نەیان بینیووە): لە جوانی وشتی سەرنجڕاکێش وقەشەنگ. (وگوێیەکان نەیان بیستووە): لە دەنگی خۆش و وەسفی سەیر ولێرەدا تەنها باسی بینین وبیستنی کردووە چونکە بەهۆیانەوە درک بە زۆرینەی هەستپێکراوەکان دەکەین، وهەروەها تامکردن وبۆنکردن وبەرکەوتنیش -دەستلێدانیش- هەستن. (و بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە): واتا ئەو نیعمەت وخۆشیەی بۆیانی ئامادە کردووە بەسەر هیچ دڵێکدا نەهاتووە وهیچ مرۆڤێک بیری لێ نەکردووەتەوە، هەرشتێک هاتبێتە سەر دڵیاندا بەهەشت لەوە مەزنترە وخۆشترە؛ چونکە مرۆڤ تەنها ئەو شتانە دێت بە خەیاڵیدا کە دەیزانن ولە خەیاڵیانەوە نزیکە لەو شتانەی سەبارەتی دەزانن، وخۆشی ونیعمەتەکانی بەهەشت لە سەرووی ئەمانەوەیە، ئەمیش لە ڕێزلێنانی خوای گەورەیە بۆیان چونکە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە بوون، وخۆیان لە حەرامکراوەکان پاراست، ولە پێناو خوای گەورە ئارامیان گرت لەسەر ناڕەحەتی وناخۆشییەکان، بۆیە پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکانە. (بخوێننەوە ئەگەر ویستتان) لە گێڕانەوەیەکی تردا: (ئەم ئایەتەی خوێندەوە): {فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ} [السجدة: 17] واتە: {ئەمجا هیچ کەسێک نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشتدا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە}، (هیچ کەسێک): لە ئایەتەکەدا لە (نفس) باسکراوە، واتا هەموو نەفسەکانی هەموو بوونەوەرەکان دەگرێتەوە، بۆیە هیچ یەکێک نازانێت چییان بۆ ئامادەکراوە لە

خێـر ونیعمـەت وئـاسوودەیی وچێـژی زۆر وهەمیشەیـی، چـونکە ئـەوان لـە شـەودا نوێژیـان کـرد ونزایـان کـرد، وکردەوەکانیان شاردەوە، بۆیە پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکانە، بۆیە فەرمووی: {جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (17)} 17 واتە: ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە ([السجدە]).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10404